# دیموکراسی بۆ کوردستان و حوکمی زاتی بۆ هەورامان، دەربارەی زمانی یەکگرتووی کوردی*

**فەهمی کاکەیی**
fahmikakaee@yahoo.se

لە گوتارێکی پێشووتردا کە باسم لە پێویستیی گرنگیدان بە زاراوە کوردییەکان کرد**، زاراوەی (فەیلی)م وەک نموونە هێنایەوە و گوتم ئەم زاراوەیە یەکێکە لەو زاراوە کوردییانەی ئەگەر گرنگیی پێویستی پێ نەدرێت لە داهاتوودا هەڕەشەی نەمانی لەسەرە، ئەویش لە بەر چەند هۆیەک کە لەو گوتارەدا باسم کردن، بەڵام من نە مەبەستم ئەوە بوو ئەو زاراوەیە بکرێتە زمانی خوێندن و نە داواکارییەکی وام کردبوو. پاشان گوتارێکی دیکەم نووسی و بە لەبەرچاوگرتنی بار و دۆخی جوگرافی و سیاسیی کوردستان پێویستیی دوزینەوەی چارەسەرێکی هەنووکەییم خستە بەر چاوان.***

لەو ماوەیەی دوواییدا و لەسەر رووپەلی ماڵپەڕەکان چەندین گوتار بە زمانی عەرەبی دەربارەی زمانی یەکگرتووی کوردی بڵاوکرایەوە، نووسەرانی ئەو گوتارانە گیروگرفتی زاراوە کوردییەکان و دۆزینەوەی زمانێکی یەکگرتوویان خستبووە بەر تیشکی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکی باشە ئەگەر ئەو نووسەرانە تووشی دەمارگیری و بەکەمگرتنی کەسانی تر نەبن و تۆمەتیان نەدەنە پاڵ، بەڵام بە داخەوە هەندێک لەو گوتارانە لە شێوازی نووسینی زانستی بەدەربوون و زیاتر لە داڕشتنی سادە دەچوون وەک لە گوتاری زمانەوانی، سۆز و خەون و هیوای دووردەستیان پێوە دیار بوو، گرژی و توندڕەوی و گومان لە خەڵکی دی بەسەریاندا زاڵ بوون، ئەوانە تۆمەتی ئەوەیان دەخستە پاڵ خەڵکی تر کە گوایە دەیانەوێت زاراوەی کەمایەتییەک بە زۆرەملێ بسەپێنن.

دووپاتی دەکەمەوە، قسەکردن لە زمانێکی یەکگرتووی کوردی بۆ هەموو هەرێمەکانی کوردستان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بابەتێکی پێشوەختە و هەر لە بنەڕەتەوە پێویستی بە قسەلەسەرکردن نییە، ئەمە یەکێکە لە خەمەکانی دوارۆژ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک کە لە گوتارێکی پێشتردا باسم کردوون، بۆیە کە باس لە زمانی یەکگرتووی کوردی دەکەم تەنێ باس لە هەرێمی باشووری کوردستان دەکەم، واتە (هەرێمی کوردستانی عێراق).

کوردەکان لە هەرێمەدا بەم زاراوانە قسان دەکەن:

کرمانجیی باکوور
کرمانجیی باشوور
گۆرانی
لوڕی

شایانی باسە ئەم زاراوانە هەر یەکە و لە کۆمەڵە زاراوەیەکی نزیک بە یەک پێک دێن کە لێرەدا ناچینە ناو وردەکارییەکانیانەوە.

کۆنترین شاکاری ئەدەبی بە کرمانجیی سەروو شیعرەکانی (مەلای جزیری)یە 1407-1481
کۆنترین شاکاری ئەدەبی بە کرمانجیی خواروو شیعرەکانی (نالی)یە 1797-1855

کۆنترین شاکاری ئەدەبی بە گۆرانی شیعرەکانی (بێسارانی)یە 1641-1702
کۆنترین شاکاری ئەدەبی بە لوڕی شیعرەکانی (بابە تاهیری هەمەدانی)یە 953-1010

(تەماشای مێژووی ئەدەبی کوردی بکە، نووسێنی خوالێخۆشبوو عەلائەددین سەجادی، چاپخانەی معارف، بەغدا1952)

بەڵام ئەگەر تەماشای دەقە ئاینییەکان بکەیین کە بەم زاراوانە نووسراون، دەبینین:
کۆنترین دەق بە کرمانجیی سەروو نووسرابێت کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکانە (مەسحەفی ڕەش)
کۆنترین دەق بە کرمانجیی خواروو نووسرابێت سرووده ئاینییەکانی پیر ئەحمەدی کەرکووکییە، سەدەی شەشەمی کۆچی.
کۆنترین دەق بە گۆرانی نووسرابێت سرووده ئاینییەکانی بالوولی ماهییە، سەدەی دووەمی کۆچی، کە یەکێک بووە لە پیران و موژدەدەرانی یارسان (کاکەیی)
شایانی باسە بڵێین کە پیر ئەحمەدی کەرکووکی ئەویش لە یارانی ئایینی (کاکەیی)یە، بەڵام کتێبە پیرۆزەکانی ئەم ئایینە هەر هەموویان بە زاراوەی گۆرانی نووسران، کە بەناوبانگترینیان (سەرەنجام)ە.

دەگەڕیینەوە سەر زمانی یەکگرتووی کوردی و دەڵێین لە هەرێمی باشوری کوردستاندا تەنێ بە زاراوەی کرمانجیی خواروو دەخوێنرا، بەڵام لەم ساڵانەی دوواییدا لە ناوچەی بادینان خوێندن بە کرمانجیی سەروو (زاراوەی بادینی) دەستی پێ کرد، لە ناوچەکانی تردا جارێ هەر کرمانجیی خواروو دەخوێنرێت، جا لە بەر ئەوەی من لە گوتارێکی پێشوودا باسی مەترسییەکانی بەکارهێنانی زیاتر لە زاراوەیەک وەک زمانی خوێندنم کردووە، بە پێویستی نازانم لێرەدا دووپاتی بکەمەوە.

باشە ئەی دوو زاراوەکەی تر؟ لەو ماوەیەدا لە سەر ڕووپەلی ماڵپەڕەکان هەواڵێک بڵاو بووەوە کە هەورامیزمانەکانیش (هەورامی زاراوەیەکە لە گرۆی زارەوەکانی گۆرانی کە نووسەری ئەم گوتارە بە یەکێکیان قسە دەکات) دەیانەوێت بە زاراوەی خۆیان بخوێنن****، ئەمەش هیچ عەیبێکی تێدا نییە، خۆ ئەمان هیچیان لە خەڵکی تر کەمتر نییە، کەواتە تەنی زاراوەی فەیلی دەمێنێتەوە (لە گرۆی لوڕی) ئەگەر باسی کەلهوڕی نەکەین، جا لە بەر ئەوەی ئەم زاراوەیە مەترسیی لەناوچوونی لە زاراوەکانی تر زیاترە(بڕوانە گوتاری پێشووترم) کەواتە با لێگەڕێین فەیلییەکانیش بە زاراوەی خۆیان بخوێنن، هەنگین منداڵی کورد هەر یەکە و بە زاراوەی خۆی دەخوێنێت و پاش ماوەیەک هەر یەک لەم زاراوانە دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ، پاش کەمتر لە بیست ساڵ دەبینین هیچ زمانێکی هاوبەش لە نێو خودانی زاراوە جوداکانی زمانی کوردیدا نییە، ڕەنگە زمانی هاوبەشمان ئینگلیزی بێت، ئایا داواکارانی خوێندن بە چەند زاراوەیەک ئەمەیان دەوێت؟

باشە، ئەی ئەوەی بۆ خەڵکی تر ڕەوایە بۆچی بۆ من ڕەوا نەبێت؟ یان باشتر بڵێین چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین؟

من پێم وایە دوو چارەسەر هەیە، یەکێکیان ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان داوا لە کۆڕی زانیاریی کوردستان بکات لەم کێشەی زمانی یەکگرتووە بکۆڵێتەوە و پێشنیازی زاراوەیەک بکات کە ببێتە زمانی یەکگرتووی کوردی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا، پاشانیش پەرلەمان بڕیار بدات کە خودانی هەموو

زاراوەکان بەو زمانە یەکگرتووە بخوێنن (کە بە خۆم لایەنگری ئەمەیانم)، چارەسەری دووەم ئەوەیە کە بڕیاری زاراوەیەک بدرێت وەک زمانی یەکگرتوو لە پاڵ ئەوەشدا زاراوە ناوچەییەکان هەر یەکە و لە ناوچەکەی خۆیدا بخوێنرێت، لەو ناوچەیەدا کە زاراوەکەیان زمانی خوێندنە پێویستە زاراوەیەکی دیکەش بخوێنرێت، بۆ نموونە:

گریمان پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا کرمانجیی سەروو ببێتە زمانی خوێندن، هەنگین لە ناوچەی بادینان پێویستە کرمانجیی خواررووش بخوێنرێت، بەڵام ئەگەر بڕیاری کرمانجیی خواروو درا ئەو دەمە پێویستە لەو ناوچانەدا کە بەو زاراوەیە قسە دەکرێت کرمانجیی سەرووش بخوێنرێت، ئەوانەی بە زاراوەی هەورامی قسە دەکەن جگە لە زاراوەکەی خۆیان بە زمانی یەکگرتووش دەخوێنن، هەروەها بە هەمان شێوە بۆ فەیلییەکانیش. بەم شێوەیە دەبینین کوردەکان زمانێکی هاوبەشیان هەیە کە بیخوێنن و بتوانن لەگەڵ یەکتر پێی بدوێن، لە هەمان کاتدا هەر یەکەو بە زاراوەکەی خۆیشی دەخوێنێت، بە مەرجێک زاراوە ناوچەییەکان هێندەی ساڵانی خوێندنی ئیلزامی بخوێنرێن، کە ئەمڕۆکە شەش ساڵە.

**__پەراوێزەکان:__**

* لەو ماوەیەی دواییدا چەند گوتارێکم بە زمانی عەرەبی دەربارەی زمانی کوردی نووسی، بۆ ئەوەی خوێنەرە کوردەکان بە نووسینی گوتارۆکە چەواشە نەکرێن و چونکە تاقەتی وڵامدانەوەی هەر نووسینێکم نییە، وام بە چاک زانی دەقی نووسینەکانی خۆم بکەمە کوردی و ڕێگا لە بە هەڵەتێگەیشتن و بە هەڵەتێگەیاندن بگرم. ئەم گوتارە دوا گوتارە.

* لە کاتی شۆڕشدا برا پێشمەرگە هەورامییەکان هەر بۆ خۆشی جار جار دروشمی (دیموکراسی بۆ کوردستان و حوکمی زاتی بۆ هەورامان)یان دەگوتەوە.

** http://kurdistannet.biz/2006/11-2006/9-11/zarawe.pdf

*** http://kurdistannet.biz/2006/11-2006/13-11/Xemi%20kurdi.pdf

**** http://www.sotkurdistan.net/index.php?mod=article&cat=kurdistan&article=4261